# عەلمانییەت
# لە دیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە!

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی. ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## نامیلکەی روناکبیری

بـۆردی تـوێـژینـەوە و رونـاکـبـیـری - مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری لە خولی دووەمی دا نامیلکەی روناکبیری بڵاو دەکاتەوە.
هەوڵ دەدەین سیاسەت و دیدگای (ی. ن. ک) لە پرسە جیاوازەکاندا بخەینە ڕوو، بتوانین لە بابەتە فکری و سیاسی و مەعریفییەکاندا بەشدار بین لە پرۆسەی پێشخستن و گەشەپێدانی کادیرانی (ی. ن. ک).

# عەلمانییەت
## لە دیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە!

بەشی روناکبیری

-نــاوی نامیلکە: عەلمانییەت لە دیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە!

- دیزاین: ئەمیرە عومەر

- تیراژ: ( 5000 ) دانە

-ساڵی چاپ: 2021

- خولی دووەم: ژمارە (١)

**سەرپەرشتیاری نامیلکەی روناکبیری**

**ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم**

**بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

www.pukhoshiari.com info@pukhoshiari.com

# عەلمانییەت

## لە دیدی

## یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە!

## عەلمانییەت چییە؟

عەلمانییــەت بریتییــە لــە سیســتەمێکی ئیدارەدانــی دەوڵــەت و حکومــەت و کۆمەڵگــە لەســەر بناغــەی جیاوازیــی دیــن لــە دەوڵــەت و سیاســەت. واتــە: جیاکردنــەوەی حکومــەت و دامەزراوەکانــی حکومــەت و دەســەڵاتی سیاســی لــە دەســەڵاتی ئایینــی و کەســایەتییە ئایینییــەکان. ڕێبازەکانــی ســێکیولاریزم تــا ڕادەیــەک لــە یەکتــر جیــاوازن، بــەڵام بــە گشــتی، دەتوانیــن لــە چوارچێــوەی ئــەوەدا کورتــی بکەینــەوە کــە دیانــەت و مەزهەبــە ئایینییــەکان و شــەریعەت لــە دەوڵــەت جیــا دەکرێنــەوە. حکومەتــی سێکیولاریســت لــە ڕێگــەی دەســتوور و یاســاکانەوە بــە تەواوەتــی ئاییــن لــە دەوڵـەت جیــا دەکاتــەوە و تەنهــا وەک پرســی تایبــەت (بــواری تایبــەت) تەماشــای دەکات. هیــچ شــەریعەت و مەزهــەب و ئایینێــک تێکــەڵ ناکرێــن بــە ژیانــی گشــتیی خەڵــک و ناکرێنــە بڕگــەی یاســایی و دەســتووری. حکومــەت ناتوانێــت هیــچ کــەس ناچــار بــکات کــە بــاوەڕ بــە ئایینێکــی دیاریکــراو بێنیــت، یاخــو ڕەفتــار و ڕەوشــتی خــۆی بەگوێــرەی ئایینێکــی دیاریکــراو پەیــڕەو بــکات.

دەوڵــەت هیــچ دیانەتێکــی ڕەســمی بــۆ خــۆی دیــاری نــاکات و هیــچ دامەزراوەیەکــی ئایینــی ناتوانێــت بڕیــار لــە سیاســەت و چارەنووســی خەڵــک بــدات، هەمــوو ئاییــن و مەزهــەب و بیروبــاوەڕەکان لــە بــەردەم یاســادا یەکســانن و تاکــەکان بــە تــەواوی ئــازادن لــە هەڵبژاردنــی ئاییــن و بیروبــاوەڕی خۆیــان.

بنەڕەتەکانــی ســێکیولاریزم دەگەڕێنــەوە بۆ فەلســەفەی یۆنانــی. فەیلەســوفی یۆنانــی ئیپکــۆرۆس (ئەبیکــور) بــاس لــە چەمکــی عەلمانییــەت دەکات بــەو جــۆرەی هەمــوو تاکەکانــی کۆمەڵگــە مافەکانیــان پارێــزراو بێــت و دەوڵــەت و دامــەزراوەی ئایینــی نەتوانــن ملکەچیــان بکــەن. بــەڵام لــە مێــژووی هاوچەرخــدا، چەمکــی عەلمانییــەت لــە ســەردەمی ڕێنیســانس (ســەردەمی ڕۆشــنگەریی ئەورووپــا) بــە تــەواوی بــرەوی ســەند، فەیلەســوفەکانی وەک جــۆن لــوک، ڤۆڵتێــر، ســپینۆزا و دینیــس دیــدرۆ هەریەکــە بــە شــێوازی خــۆی بەشــدار بــوو لــەوەی کــە مــرۆڤ بــە دەســتوور و یاســا دانــراوەکان ژیانــی لــەم دنیایــەدا ڕێــک بخرێــت و ئیتــر بــە نــاوی خــودا و ئــەو دنیــا و غەیبــەوە مــرۆڤ لــە پەلوپــۆ نەخرێــت. بانگــەوازی ئەوەیــان کــرد کــە ئیتــر دەوڵــەت و دامەزراوەکانــی بەڕێوەبــردن بێلایــەن ڕەفتــار بکــەن لەگــەڵ ئاییــن و چەمکــە ئایینییــەکان و

بیروبـاوەڕە جیـاوازەکان.

لـە بـواری زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـدا چەمکـی سێکیولاریزاسـیۆنی فەڕەنسـی زیاتـر بـۆ پاشەکشـەی کۆمەڵایەتیـی ئاییـن دەگەڕێتـەوە، ئەمـەش لـە چوارچێـوەی پەرەسـەندنێکی هێواشـی کۆمەڵگـە کـە تێیـدا ئاییـن و هێمـا ئایینییـەکان هەژموونیـان بەسـەر کۆمەڵگـە و کولتـووردا نامێنێـت، لـەوەش زیاتـر، دامەزراوە ئایینییـەکان و بیروبـاوەڕە ئایینییـەکان و بۆنە ئایینییەکان واتـای کۆمەڵایەتیـی خۆیـان لـە دەسـت دەدەن و لـە شـوێنی ئـەوان پرۆسـەیەکی هێواشـی کۆمەڵایەتیـی ئەقلانیبـوون بەسـەر دامەزراوەکانـی دەوڵـەت و کۆمەڵگەدا زاڵ دەبێـت. سـەرهەڵدانی چینـی بـۆرژوای پیشەسـازی و خـودی شۆڕشـی پیشەسـازی هـۆکاری گرنـگ بـوون بـۆ پێشـکەوتنی کۆمەڵگـە. دەسـتکەوتە زانسـتییەکان ڕۆڵیـان هەبـوو لـە پێشخسـتنی بیرکردنـەوەی مرۆڤـدا. چینـی بـۆرژوای نـوێ کەمتـر هۆگـری کەنیسـە و پیاوانـی ئایینـی بـوون. خـودی شۆڕشـی پیشەسـازی شۆڕشـێکی تـری لـە هەناویـدا هەڵگرتبـوو لـە دژی دەسـەڵاتی سیاسـیی ئاییـن و هەژموونخوازیـی کەنیسـە و دەرەبەگـەکان.

# پێناسەی سێکیولاریزم (عەلمانییەت)

عەلمانییـەت لـە زمانـی عەرەبیـدا لـە وشـەی (عَالَـم)ـەوە هاتـووە، کـە بنەڕەتـی وشـەکە عەرەبـی نییـە و لـە بنەڕەتـدا لـە زمانـە سـامییەکانەوە وەرگیـراوە، چونکـە لـە هەمـوو زمانەکانـی سـریانی و عیبـری و بابلیـدا بـە هەمان واتـا و گۆکـردن ئـەو وشـەیە هەیـە، کـە مەبەسـت لێـی ئینتیمابوونـە بـۆ ژیانـی ئـەم دنیـا بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی دنیـای ڕۆحـی و میتافیزیکـی و ئەودنیایـی. بە شـێوەیەکی گشـتی، ئـەو زاراوەیـە لەبـەر ئـەوەی لـە بنەڕەتـدا عەرەبـی نییـە، بۆیـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە وشـەی زانسـت و زانـراوەوە نییـە، چونکـە هەنـدێ کـەس بـە هەڵـە دەڵێـن عیلمانـی گەڕانەوەیـە بـۆ وشـەی عیلم لـە زمانـی عەرەبیدا. وشـەکە هیـچ پەیوەندیـی بـە "علم"ـەوە نییـە، بەڵکـو بـە هەڵـە لـە وشـەی "عالم"ـەوە هاتـووە و وەرگێڕانێکـی هەڵەیـە بـۆ وشـەی (Secularisation)ی فەڕەنسـی کـە واتـای نـەوە یاخـود سـەدە دەگەیەنێـت، واتـە ئـەو شـتانەی پەیوەندییـان بـە ژیانـی مـرۆڤ و ئەمـڕۆ و سـات و کاتـی زەوییـەوە هەیـە.

وشـەی سـێکیولاریزم لـە پێناسـەی بەریتانیـدا بـەم جـۆرە هاتـووە: "بریتییـە لـەو بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەی کـە بـە ئاڕاسـتەی بایەخـدان بـە کاروبـاری ئـەم دنیـا کار دەکات، نـەک کاروبـاری ئـەو دنیـا. ئـەم چەمکـە لـە سـەردەمی ڕێنیسانسـدا بـڵاو بووەتـەوە و ئامانجیشـی بەرزڕاگرتنـی شـکۆی مـرۆڤ بـووە لـەم دنیـا، نـەک زێدەڕۆیـی بکرێـت لـە بایەخـدان بـە شـکۆی مـرۆڤ بـۆ ئـەو دنیـا و قووڵبوونـەوە لـە تەفسـیرکردنی ئاییـن و غەیـب و ڕۆژی قیامـەت. لێـرەوە عەلمانییـەت هەوڵێـک بـوو بـۆ بەدەستهێنانی بژێـوی و ژیانـی ئاسـوودە و شـیاو بـۆ مرۆڤـی زینـدووی ئـەم دنیایـە، نـەک کار بکرێـت بـۆ ئـەو دنیـا و ڕۆژی قیامـەت." دیـارە ئیمانـی تـاک بـە خودایـەک و ئـەو دنیـا و قیامـەت تەنهـا پرسـێکی تایبـەت و کەسـی دەبێـت.

# مێژووی سێکیولاریزم

کۆنترین ئاماژەکردن بۆ فکری عەلمانییەت دەگەڕێتەوە بۆ نووسەری بەریتانی، جۆرج هولیواک (George holyoake)، کە ساڵی ١٨٥١ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بێباوەڕی مەترسییەکی زۆر گەورەیە بۆ سەر کۆمەڵگە (هەرچەندە خۆی کەسێکی ئاتەئیست – بێباوەڕ– بووە)، بۆیە بە شوێن چارەسەرێکدا گەڕاوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لەسەر بناغەی سروشتی (عەلمانی)، نەک غەیبی و ئایینی بە ڕێوە ببرێت بەبێ ئەوەی کە ئایین ڕەت بکرێتەوە، ئەمەش فرسەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکانی ئیماندار ئاسان دەکات. لێرە و لەوێ هەندێ لە نووسەران و بیرمەندانی دیکە ئاماژە بۆ سێکیولاریزم دەکەن، بەڵام لە سەدەی هەڤدەیەمدا باروخ سپینۆزا یەکەم کەس بوو کە ئەم چەمکەی کردە تێگەیەکی سیاسی، فکری و کۆمەڵایەتی. سپینۆزا لەو باوەڕەدا بوو کە ئایین یاساکانی دەوڵەت لە چوارچێوەی پابەندکردنی ڕەوشت و ئاکاردا قەتیس دەکات، لە کاتێکدا دەوڵەت قەوارەیەکی پەرەسەندووە

و هەمیشــە پێویســتی بــە گەشــەپێدان و نوێکردنــەوە هەیــە، بــە پێچەوانــەی شــەریعەتەوە کــە نەگــۆڕ و چەســپاوە. ســپینۆزا بــە تــەواوی دژی شــەریعەت و یاســا ئایینییــەکان بــوو، لــەو بــاوەڕەدا بــوو کــە یاســا سروشــتی و دانــراوەکان دەبێــت تاکــە ســەرچاوە بــن بــۆ یاســا. فەیلەســوفی ئینگلیــزی، جــۆن لــوک (١٦٣٢–١٧٠٤)، لەبــارەی عەلمانییەتــەوە دەڵێــت: بــۆ ئــەوەی بگەیــن بــە دیانەتێکــی ڕاســت و دروســت، دەبێــت دەوڵــەت لێبــوردە بێــت بەرامبــەر بــە هەمــوو دیانــەت و بــاوەڕەکان، دەوڵــەت دەبێــت تەنهــا ســەرگەرمی بەڕێوەبردنــی وڵات و کۆمەڵگــە بێــت و نابێــت خــۆی ســەرقاڵ بــکات بــە ســەپاندنی ئــەم ئاییــن و ڕەتکردنــەوەی ئــەو ئاییــن. دەوڵــەت دەبێــت جودا بێتــەوە لــە کەنیســە و هیچیــان دەســت لــە کاری یەکتــر وەرنــەدەن، تەنهــا لــەم ڕێگەیــەوە ســەردەمەکەمان دەبێتــە ســەردەمی ئەقــڵ. بــۆ یەکــەم جــار دەبێــت لــە ژیانــی خەڵکیــدا کــە مــرۆڤ ئــازاد بێــت و پــەی بــە ڕاســتییەکان ببــات. دەتوانیــن بزووتنــەوەی عەلمانییــەت لــە ســەردەمی ڕێنیسانســدا لــە چوارچێــوەی فکــری و فەلســەفیدا تەماشــا بکەیــن، بــەڵام لــە دوای تەشەنەســەندنی ململانــێ لــە نێــوان حکومەتــی پادشــایەتی و کەنیســە لــە لایــەک

و بزووتنـــەوە سیاســییەکانی فەڕەنسا لــە لایەکــی تــر و دواتریــش بەرپابوونــی شۆڕشــی فەڕەنسا لــە ســاڵی (١٧٨٩)، ئیتــر ســێکیولاریزم لـــە ئەورووپــا بەرگێکــی سیاســی و ئایدیۆلــۆژی و یاســایی وەرگــرت.

## بناغە بنەڕەتییەکانی سێکیولاریزم چین؟

سـێکیولاریزم تەنهـا چەمکێکـی سیاسـی نییـە، بەڵکـو سیسـتەمێکە لەگـەڵ خۆیـدا کاریگـەری دەکاتـە سـەر بونیـادی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و کولتووریـی کۆمەڵگـە. لـە بەرامبەریشـدا، ژینگەیەکـی زینـدووی دەوێـت بـۆ ئـەوەی تێیـدا گەشـە بـکات و تووشـی چەقبەسـتن و خـراپ بەکارهێنـان نەبێـت، وەک لـە کۆمەڵگـە خۆرهەڵاتییەکانـدا بەرچاومـان کەوتـن. لـە چەنـد ئاسـتێکی جیـاوازدا کاریگەریی خـۆی دادەنێـت:

لەسـەر ئاسـتی بەهـا و نەریتـی کۆمەڵایەتـی: واتـە بەهـا و نەریتـە ئایینییـەکان لـە بەهـا و نەریتـە سیاسـییەکان جیـا دەکرێنـەوە.

لەسـەر ئاسـتی ناسـنامە: دەوڵـەت دەبێتـە چەتـری هەمـوو هاونیشـتمانییەکانی خـۆی بەبـێ جیـاوازی. ناسـنامەی نیشـتمانی شـوێنی ناسـنامەی ئایینـی و مەزهەبـی دەگرێتـەوە. دەوڵـەت هیـچ ئایینێـک ناکاتـە ئایینـی ڕەسـمیی خـۆی و هیـچ ئایینێـک بەسـەر ئـەوی تـردا زاڵ نـاکات و هیچیـان بـە ڕەسـمی لـە نـاو دەسـتوور و یاسـادا

پێناسـه ناکرێـن.

لەسـەر ئاسـتی دامەزراوەیـی: ئـەو دامەزراوەیـەی کـە دەسـەڵاتی سیاسـی تێیـدا بەرجەسـتە دەبێـت، واتـە دەوڵـەت، جیـا دەبێتـەوە لـەو دامەزراوەیـەی کـە دەسـەڵاتی ئایینـی تێیـدا بەرجەستە دەبێـت، واتـە کەنیسـە و مزگـەوت بـە هەمـوو لقوپۆپەکانیانـەوە. لـەوەش زیاتـر، دامـەزراوەی ئایینـی دەبێـت ملکەچـی یاسـاکان و دەوڵـەت بێـت، بـە واتایەکـی دیکـە، ئاییـن ملکەچـی دامـەزراوەی سیاسـی دەبێـت، نـەک بـە پێچەوانـەوە.

لەسـەر ئاسـتی پیشـەیی: دەوڵـەت هیـچ ئەرکێکـی ئایینـی لـە ئەسـتۆ ناگرێـت، هیـچ ڕێوڕەسـمێکی ئایینـی بـە سیاسـی ناکرێـت و بـە ڕەسـمی ناناسرێت، تەنهـا لـە ئاسـتی کۆمەڵایەتـی و ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنیـدا نەبێـت. لێـرەدا دەتوانیـن بناغـە بنەڕەتییەکانـی سـێکیولاریزم لـەم چەنـد خاڵـەدا کـورت بکەینـەوە:

١- جیاکردنـەوەی دیـن و سیاسـەت، جیاکردنـەوەی شـتە ڕۆحییـەکان لـە شـتە کاتییـەکان، جیاکردنـەوەی بـواری گشـتی و بـواری تایبەتـی.

٢- ئازادیی ویژدان، واتە ئازادیی باوەڕداری.

٣- لێبوردەیـی ئایینـی و ئازادیـی هـەر کـەس لـە گۆڕینـی

دیانەتـی خـۆی.

٤- ئازادیی ڕەخنەگرتن لە ئایینەکان.

٥- ئازادیـــی هــزر و ئــاوەز، واتــە هــزری مــرۆڤ و بیرکردنــەوەی کۆنتــرۆڵ ناکرێــن، تەنهــا ئەقــڵ خــۆی بــۆی هەیــە کۆنترۆڵــی خــۆی بــکات، وەک ئــەوەی فەیلەســوفی مــەزن (کانــت) ئامــاژەی بــۆ دەکات.

٦- هەمـوو مەعریفەیـەک ڕێژەییـە، ڕاسـتیی ڕەهـا بوونـی نییـە و لای کـەس نییـە.

٧- بێلایەنیی دەوڵەت بەرامبەر بە هەموو ئایینەکان.

٨- یاسـاکان و یاسـادانان مرۆیـی دەبـن، نـەک ئایینـی و خوداوەنـدی.

٩- دەســەڵات و فەرمانڕەوایــی مرۆڤەکانــن، نــەک خــوداکان.

١٠- سـەرکردەو پێشـڕەوانی ئایینـی هیـچ دەسـەڵاتێکیان بەسـەر بڕیـاری سیاسـیدا نابێـت.

١١- دەوڵــەت هیــچ ئایینێــک ناکاتــە ئایینــی ڕەســمیی خــۆی و بەســەر هیــچ کەســدا نایســەپێنێت.

١٢- دەوڵـەت ناتوانێـت کـەس بخاتـە بەهەشـتەوە، بـەڵام کار دەکات بـۆ پاراسـتنی هەمـوو تاکـەکان و فەراهەمکردنـی خۆشـگوزەرانی بۆیـان.

١٣- پاراستنی مافی کەمینە ئایینییەکان بەرامبەر بە خۆسەپاندن و هەژموونی زۆرینە ئایینییەکان.

١٤- ئایین پەیوەندییەکی تایبەتە لە نێوان مرۆڤ و خودای خۆیدا.

١٥- عەلمانییەت دژ بە دەوڵەتی دینییە، نەک دژ بە دین، ئەویش بە پێچەوانەی بانگەشە چەواشەکارییەکانی ئیسلامی سیاسی کە عەلمانییەت بە دژەئایین پێناسە دەکات.

## خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی سێکیولاریست

خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە دەبێت هەمیشە لەبەرچاو بگیرێت، بوونی جیاوازییەکی فراوانە لە نێوان ئەو سێکیولاریزمەی لە ئەورووپا لە ژینگەیەکی ئەورووپییدا چەکەرەی کردووە، لەگەڵ سێکیولاریزمی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوین، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە ئایینی ئیسلام تێیاندا باڵادەستە. عەلمانییەت لە ڕۆژئاوا لەپێناو دەربازبوون لە کۆتوبەندی کەنیسە هاتە ئاراوە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو عەلمانییەتەی کە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا هەبووە (تونس و مەغریب و میسر بۆ نموونە) لە ڕێگەی ئیمپریالیزمەوە گەیشتووەتە دەست، یاخود کۆپیکراوی وڵاتێکی ئەورووپی بووە (وەک کۆپیکردنی نووسخەی لایستەی فەڕەنسا بۆ تورکیای سەردەمی ئەتاتورک). بۆ تێگەشتن لەم سەرنجانەش، دەبێت جیاوازی لە نێوان سێ پلەبەندی لە سێکیولاریزمدا بکەین کە ئەمانەن:

عەلمانییەتی سیاسی زیاتر ڕواڵەتێکی سیاسیی هەیە و بریتییە لەو بیروباوەڕ و سیاسەتانەی کە داوای

دوورخستنەوەی دەسەڵاتی ئایین و هێما ئایینییەکان دەکات لە دەوڵەت. عەلمانییەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە زیاتر لە دنیای خۆرئاوادا بڵاوە، بریتییە لە لاوازکردن و تەسککردنەوەی ئایین لە ناو کۆمەڵگەدا لە ژیانی ڕۆژانەدا. بەڵام دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی تەماشای ئەم خاڵانەش بکەین بۆ ئەوەی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی سێکیولاریست بناسینەوە:

١- نوێنەرایەتیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا بەرەو سەربەخۆبوون لە ئایین دەڕوات. بۆ نموونە، لەجیاتیی هەستکردن بە ئینتیما بۆ ئایین و مەزهەب، ئینتیما بۆ نیشتمان و وڵات و نەتەوە پتەو دەبێت. ئەمەش نیشانەی گواستنەوەیە لە سیستەمێک کە بناغەکەی ئایینییە بۆ سیستەمێک کە بناغەکەی کۆمەڵایەتییە.

٢- فەزای مەعریفی سەربەخۆیە لە بۆچوون و لێکدانەوەی ئایینی.

٣- سەربەخۆبوونی هۆشیاریی تاک و ڕەفتارەکانی لە تێگەیشتنی ئایینیی ڕەها و گشتی.

کەواتە عەلمانییەت لە کۆتاییدا ڕێچکەیەکی دیاریکراوە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگە، نەک ئایدیۆلۆجیا و سیاسەتێک وەک ئەوەی لە فەڕەنسا و تورکیا کراوە.

ئایـا عەلمانییـەت دیاردەیەکـی خۆرئاواییـە؟ بێگومـان نەخێـر، چونکـە وەکـو باسـمان کـرد، ڕێچکەیەکـی پەرەسـەندنی هێواشـی کۆمەڵگەیـە کـە قووڵتـرە لـە چەمکـە دوانییەکانـی وەک ئـەم دنیـا و ئـەو دنیـا، یاسـا دانراوەکانـی مـرۆڤ و ئـەوەی شـەریعەت بـە نـاوی خـوداوە دای دەڕێژێـت. بەڵگـەی ئـەوەش ئەوەیـە کـە لـە کۆمەڵگەکانـی وەک هیندسـتان و ژاپـۆن و چیـن ئایینـەکان جیـاوازن، بـەڵام پەرەسـەندنی کۆمەڵگـە بووەتـە هـۆی تێپەڕاندنـی ئـەو هەمـوو ئایینـە جیاوازانـە و هەنگاونـان بـە ئاڕاسـتەی عەلمانییـەت.

## جیاوازیی نێوان سێکیولاریزم و لائیک یاخود لایستە چییە؟

لائیک شێوازێکی جیاوازە لە عەلمانییەت، کە بە عەلمانییەتی فەڕەنسی ناوی براوە. لە کاتێکدا عەلمانییەت لە نێو کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێت و ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە پێشکەوتن و گۆڕانکاریی نێو کۆمەڵگەوە، بەڵام لائیسیزم، وەک حاڵەتی فەڕەنسی و تا ڕادەیەکی زۆر تورکی، پەیوەستە بە دەوڵەت و دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە کە بە یاسا وڵات دەکەنە عەلمانی. لە حاڵەتی فەڕەنسادا ڕەنگە ئەمە بە هۆی خەسڵەتەکانی شۆڕش و ململانێی تایبەت بووبێت بە سیستەمی پادشایەتی و ڕۆڵی کەنیسە، بەڵام لە حالەتی تورکیا، کە تێیدا کۆمەڵگە بە هیچ جۆرێک ئامادەی ئەوە نەبووە، دەوڵەت وەک ئایدیۆلۆژیا لە ڕێگەی یاسا و دامەزراوەکانی خۆیەوە جۆرێک لە سیستەمی لایستەی فەڕەنسای کۆپی کرد و سەپاندی بەسەر خەڵکیدا، بەڵام لەجیاتیی ئەوەی ئایین لە دەوڵەت دابڕن، هاتن لە ڕێگەی یاساکان و

دروستکردنی سەرۆکایەتیی کاروباری ئایینییەوە هەموو بواری ئایینیان خستە ژێر دەستی دەوڵەت.

کەواتە لائیک، بە پێچەوانەی عەلمانییەتەوە، لە ناو کۆمەڵگەوە سەر دەرناکات، بەڵکو لە ناو یاساکانی حکومەتەوە لە دایک دەبێت و بەگوێرەی یاسا و دەستوور ئایین سڕ دەکات و دای دەماڵێت لە هەموو پێگەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و وەک پرسی تاکەکەس تەماشای دەکرێت. ئەمەش بێگومان واتای ڕەتکردنەوەی ئایین یاخود بێدینبوون ناگەیەنێت، بەڵکو دەوڵەت واز لە دیانەت دێنێ و دیانەتیش واز لە دەوڵەت دێنێت. کەواتە بە کورتی، لائیک حاڵەتێکی یاساییە و تایبەتە بە دەوڵەت و هەندێ جار دەبێتە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتیش، بەڵام عەلمانییەت بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی خۆڕسکی ناوخۆییە کە تایبەتە بە کۆمەڵگە.

وشەی لائیک (Laique) لە فەڕەنسا بە واتای بێلایەن بەکار دەهێنرێت. دەتوانین لائیک وەک نووسخەیەکی فەڕەنسی بۆ عەلمانییەت تەماشا بکەین. لائیسیزم بە واتای تەواوی خۆی هەڵقولاوی فەڕەنسا و مێژووی فەڕەنسایە، چونکە فەڕەنسا لە چاخەکانی ناوەڕاستدا لە لایەن ئەو پادشایانەوە بە ڕێوە دەبرا کە پیاوانی ئایینی

و کەنیسە پشتیوانیان بوون. لە شۆڕشی فەڕەنسادا ململانێ لە نیوان کۆمار و کەنیسەدا بووە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت و شۆڕش و نوخبەی فەلسەفی و ڕووناکبیریی فەڕەنسا بە تەواوی لە دژی دەسەڵاتی ڕەهای کەنیسە بوەستنەوە.

ئەم واقعەی شۆڕش و کۆمەڵگەی فەڕەنسی بووە هۆکاری ئەوەی کە عەلمانییەتی فەڕەنسا تەواو مۆرکێکی خۆماڵی و ناوخۆیی هەبێت. بێگومان ئەمەش بە ماوەیەکی کورت بەرهەم نەهاتووە، بەڵکو بە چەندین قۆناغدا تێ پەڕیوە، کە هەرە گرنگترین ئەو قۆناغەش بە یاسای ١٩٠٥ ناوی دەبرێت و بە ئاشکرا تێیدا هاتووە: (مادەی ٢- کۆمار هیچ ئایینێک بە فەرمی ناناسێت، مووچە و یارمەتیی هیچ ئایینێک نادات). سەرەنجام، لە مانگی ژانیوەی ١٩٠٦ بە بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە، تەواوی خەرجییە پەیوەندارەکان بە مەسەلەی مەزهەبەوە لە بودجەی دەوڵەت و پارێزگاکان و کۆمۆنەکان لادەبرێن.

لە دەستووری ساڵی ١٩٥٨دا، مادەی دووەم بۆ یەکەم جار لایستە وەکو پێناسە دەخرێتە نێو دەستوور و دەڵێت "فەڕەنسا کۆمارێکی دابەشنەبووە، لایستەیە، دیموکراتی و کۆمەڵایەتییە، کە یەکسانبوونی هەموو هاووڵاتیان لە

بەرامبــەر یاســا و گوێنــەدان بــە جیــاوازی لــە ڕەگوڕیشــە و نــەژاد یــا مەزهەبــی ئــەوان مسـۆگەر دەکات و ڕێـز لـە هەمـوو بیروبــاوەڕەکان دەگرێــت." شــایانی باســە لــە نێــو تــەواوی دەســتوورەکان لــە جیهانــدا تەنهــا دەســتووری فەڕەنســایە کــە ئامــاژە بــە لایکبــوون دەکات.

# سێکیولاریزم و ئایین

بـەڵام بـە شـێوەیەکی گشـتی، عەلمانییـەت وەک هەوڵێـک بـۆ دروسـتکردنی فەزایەکـی سیاسـیی بەتـاڵ لـە لۆژیکـی ئایینـی، یاخـود دامەزراوەیەکـی دەوڵەتیـی ئـازاد لـە هەژموونـی کۆنەپەرسـتی و مەرجەعییـەت و ناسنامەی ئایینـی، بـە دەست نەهاتـووە، بەڵکـو کۆمەڵگـە ئەورووپییـەکان، وەک لـە زاری یۆرگـن هابەرماسـەوە ئامـاژەی بـۆ کـراوە، گەیشـتوونەتە کۆمەڵگـەی (پۆسـت عەلمانییـەت)، یاخـود دوای عەلمانییـەت. لـە کۆمەڵگـەی پۆسـت عەلمانییەتـدا میراتییەکانـی ئایینـی سـونەتی تێکـەڵ بـوون لەگـەڵ میراتییەکانـی ئەقڵانییەتـی ڕۆشـنگەری. دامـەزراوە ئایینییەکان لەگـەڵ دامەزراوەکانی تـری کۆمەڵگـە، لەوانـەش، دامـەزراوەی سیاسـی و فەرهەنگـی و پەروەردەیـی، کارلێـک دەکـەن، بۆیـە ئاییـن هێشـتا لـە نـاو ئـەو کۆمەڵگـە سێکیولاریسـتانەدا ڕۆڵـی کۆمەڵایەتیـی خـۆی هەیـە و گوتارەکانـی خـۆی بـە شـێوەیەک ئەقڵانـی کـردووە کـە بـۆ کۆمەڵگـە و یاسـاکانی حکومـەت مایـەی پەسـەندکردن بـن. بۆیـە دەتوانیـن بێژیـن عەلمانییـەت هەرگیـز کاریگەریـی خراپـی بـۆ سـەر ئاییـن نەبـووە و هەوڵـی نـەداوە بیسـڕێتەوە، بـە پێچەوانـەوە، توانیویەتـی خزمـەت بـە ئاییـن بـکات و لـە

پووکانـەوە ڕزگاری بـکات و گوتارەکانی ڕۆشـنگەر و ئەقڵانی بــکات. ئــەوەی عەلمانییــەت لەنــاوی بــردووە، خــودی ئاییــن نەبــووە، بەڵکــو پاشەکشــەی بــە ئایینــی ســونەتی و بیرکردنــەوەی خورافــی و هەقایەتــە درۆیینــەکان کــردووە، کۆتایــی بــە هەژموونــی هەموو ئــەو دەجــال و جادووگەرانە هێنــا کــە لــە دوای پێغەمبەرانــەوە خۆیــان بــە خاوەنــی پەیــام و نێــرراوی خــودا دادەنــا. ئەمــەش وا دەکات هەندێ کــەس لــەو بــاوەڕەدا بــن کــە عەلمانییــەت قۆناغێکــی تــازەی ژیانــە لــە ســەردەمی مۆدێرنــەدا. بــە کورتــی، لەمــەڕ پەیوەندیــی عەلمانییــەت و ئاییــن دەگوترێــت کــە عەلمانییــەت پرۆســەی بەرهەمهێنانــەوەی ئایینــە بەگوێــرەی مەرجەکانــی ئەمڕۆی ژیــان و قۆناغــی مۆدێرنــە. عەلمانییــەت کۆتایــی بــە بــاوەڕی ســاویلکانەی ئایینــی هێنــا و هەلومەرجــی تــازەی ڕەخســاند بــۆ بــاوەڕداران، بۆیــە عەلمانییــەت هەرگیــز بــە دژەدیــن ئەژمــار ناکرێــت، بەڵکــو ڕێــک بــە پێچەوانــەوە، ئــەو هێزەیــە کــە شــکۆ بــۆ ئاییــن و بــاوەڕداران دەگەڕێنێتــەوە.

# یەکێتی و سێکیولاریزم

پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان/ پەسـەندکراوی کۆنگـرەی چـوارەم، جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە یەکێتـی سـێکیولاریزم وەک بنەمـا و سیسـتەمی ژیـان پەیـڕەو دەکات. لـە پرۆگرامـی یەکێتـی، بەشـی دووەم، ئامانجـە گشـتییەکان، لاپـەڕەی ١٥دا هاتـووە: "تـێ دەکۆشـێت لەپێنـاوی ئاشـتی، دیموکراسـی، مافـی مـرۆڤ، مافـی چـارەی خۆنووسـین، ئـازادی، لێبوردەیـی، دادپەروەریـی کۆمەڵایەتـی، سـەروەریی یاسـا، مافـی هاووڵاتیبـوون، کۆمەڵـی مەدەنـی، سیسـتەمی سـێکیولار، هـاوکاری و سـۆڵیدارێتی، پێکەوەژیانـی گـەلان بـە ئاشـتی و ئارامـی لەسـەر بنەمـای ڕێزگرتـن لـە مافەکانـی یەکتـر. هـاوکات دژی دیکتاتـۆری، جەنـگ، داگیرکـردن، چەوسـاندنەوە، هـەژاری، گەندەڵـی، جیاکاریـی نەتەوەیـی، ڕەگـەزی، ئایینـی و ئایینزایـی، شـۆڤێنیزم، کۆنەپەرسـتی و تیرۆریزمـە."

هەروەهـا لـە پەیـڕەو، بەشـی یەکـەم، بنەمـا گشـتییەکان، مـادەی ٢، یەکـەم، لاپـەڕە ٥٢دا هاتـووە:

"یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبێکی سۆشیالیست دیموکراتە، بڕوای بە بنەمای یەکسانی و پێکەوەژیان هەیە و لە دژی جیاکاریی ڕەگەزی و ئایینە."

بەم جۆرە، زۆر بە ڕوونی ئاشکرا دەبێت کە یەکێتی لە پێناسە و بەرنامە و پەیڕەوی خۆیدا بە ئاشکرا ڕێچکەی سێکیولاریزمی وەک سیستەمی ژیان و حزبی و بەڕێوەبردن پەسەند کردووە. لێرەدا دەپرسین، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە چ بارودۆخێکدا و بە چ پێوەرێک سێکیولاریزم دەکاتە بناغەیەک و پەسەندی دەکات؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێت بزانین بناغەی فکری و سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا ئەمە تەنها دروشمە، یاخود ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەو حزبەیە و دەبێت هەموو کادرێک لە هەموو ئاستەکاندا تێگەشتنی قووڵی بۆی هەبێت و وەک ناسنامەی دیاری خۆی لێبڕاوانە داکۆکیی لێ بکات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بناغەی دروستبوونیەوە، ڕێکخراوێکی چەپی پێشکەوتنخواز بووە و هێڵەکانی بیروباوەڕی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە

داڕشـتووە. وەک هێزێـک لـە قۆناغـی ڕزگاریی نیشـتمانیدا نیمچەبەرەیــەک بــوو بــۆ کۆکردنــەوەی هەمــوو هێــزە پێشـکەوتنخوازەکانی سـەر گۆڕەپانـی خەباتـی کوردسـتان. ئــەو هێزانــەی کــە ئــەم نیمچەبەرەیەیــان بــە ڕابەرایەتیــی مـام جەلالـی هەمیشـە زینـدوو پێـک دەهێنـا، ئەمانـەی خــوارەوە بــوون:

## یەکەم، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

## دووەم، بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان

وێـڕای ئـەوەی هـەردوو ئـەو ڕێکخـراوە لەسـەر بنەمـای فکــری چــەپ دروســت بــوون، خــودی ڕەوانشــاد مــام جــەلال کەســایەتییەکی چــەپ بــووە و ســێکیولاریزمی کردووەتــە پەیــڕەوی ژیانــی سیاســی و حزبــی. لــە هەمــوو وێســتگە جیاوازەکانــی سیاســی و حزبیــدا، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان هەرگیـز ئاییـن و بنەمـا ئایینییەکانــی نەکردووەتــە پێــوەر بــۆ کاری سیاســی خـۆی، بـە پێچەوانـەوە، یەکێتـی هەمیشـە لـە تەمەنـی نزیکــەی نیــو ســەدە ژیانــی خۆیــدا، چەترێــک بــووە بــۆ دژایەتیکردنــی شــۆڤێنیزمی ئایینــی و دەمارگیریــی مەزهەبـی، بەڵگـەی ئەمـەش بوونـی دەیـان سـەرکردە و کادری پێشــکەوتووی یەکێتییــە کــە هەریەکەیــان لــە پاشـخانێکی جیـاوازی ئایینـی و مەزهەبییـەوە هاتـوون.

کەواتــە یەکێتــی حزبێکــی سێکیولاریســتە، بــەڵام سێکیولاریسـتبوونی ئـەو حزبـە بـە واتـای ڕەتکردنـەوەی ئاییــن نییــە، بــە پێچەوانــەوە، لــە نــاو ڕێکخســتنەکانی یەکێتیــدا بــەردەوام ئازادییەکــی تــەواوی بــۆ هەمــوو ئەندامەکانــی خــۆی فەراهــەم کــردووە، کــە بتوانن ســرووت و پەیــڕەوە ئایینییەکانــی خۆیــان بــە ڕێــوە ببــەن. لــە چوارچێـوەی پەیوەندییـە نیشتمانییەکانیشـیدا، یەکێتـی هیــچ کات بوونــی پەیوەندییەکــی نیشــتمانیی بەهێــزی لەگـەڵ ڕەوتـە ئیسـلامییەکاندا ڕەت نەکردووەتـەوە (جگـە لــەو ڕەوتانــەی کــە چوونەتــە خانــەی تیرۆریزمــەوە)، بــە پێچەوانــەوە، بــە درێژایــی مێــژوو یەکێتــی پەیوەندییەکــی بــەردەوام و هاوســەنگانەی لەگــەڵ ئەوانــەدا هەبــووە و زۆر جاریــش لــە پرۆســەی هەڵبــژاردن و لــە هەنــدێ پرۆســەی سیاســیی دیکــەدا ڕێککەوتنــی لەگەڵــدا کــردوون.

## بۆچی یەکێتی سێکیولاریستە؟

هەرێمی کوردستان لە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، نەتەوەیی و مەزهەبییەوە، بە کۆمەڵگەیەکی فرەکولتوور و فرەئایین و ڕەگەز ئەژمار دەکرێت. لە ڕووی ڕەگەزەوە جگە لە زۆرینەی دانیشتوان کە کوردن، کەمینەیەکی عەرەب و تورکمانیش هەن. لە ڕووی ئایینییەوە، جگە لەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی موسڵمانن (لە هەردوو ئایینزای شیعە و سونە)، کەمینەکانی کلدانی و ئاشووری، ئێزدی، زەردەشتی، کاکەیی و جوولەکە هەن.

هەموو ئەم ئایین و ئایینزا و نەتەوە و ڕەگەزانەی کوردستان بوونێکی واقعی و سروشتییان هەیە و مێژوویەکی دێرینی شارستانی دەیانبەستێتەوە بەم هەرێمەوە. ئەمەش وا دەکات کە بۆ پاراستنی ئەو مۆزایکەی ڕەسەنایەتی و بۆ پتەوکردنی بنەما کولتوورییەکانی کۆمەڵگە و چەسپاندنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی هەستی ئینتیما بۆ وڵات، سیاسەتێک و جۆرێک لە پرۆژەی سیاسی بخرێتە کار کە خزمەت بە یەکانگیریی گەلی کوردستان

و پتەوکردنـــی ناســنامە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکــەی بــکات. خوێندنــەوەی ئــەو واقعــە بــوو کــە یەکێتیــی گەیانــدە ئــەو ڕاســتەڕێگەیەی بتوانێــت شانبەشـانی بنەمـا سیاسـییەکانی کارکـردن، سـێکیولاریزم بکاتــە پەیڕەوێکـی دەستنیشـانکراوی خـۆی بـۆ ئیدارەدانـی کۆمەڵگـە و جومگـە کۆمەڵایەتـــی و سیاســییەکانی حــزب.

کەواتــە هەڵبژاردنــی ســێکیولاریزم وەک ســتراتیژێکی فکـری سیاسـی بـۆ یەکێتـی، زادەی ئـەو واقعەیـە کـە لـە نـاو کۆمەڵگـەی کوردسـتاندا بـەدی دەکرێـت. بـەڵام داخـۆ سـێکیولاریزم تەنهـا وەک چەمـک بخرێتـە نێـو پرۆگـرام و پەیـڕەوی حزبێکـەوە، ئیتـر ئـەوە هەمـوو کارەکەیـە، یاخود پێویسـتمان بـە هەنـدێ هەنـگاوی پراکتیکـی و کۆمەڵێـک بنەمـای فکـری و سیاسـیی تریـش دەبێـت بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی کارکـردن لەسـەریان بتوانیـن بناغەکانـی حزبێکـی سێکیولاریسـت بەهێـز بکەیـن و دواتـر هـەر ئـەو بناغـە بەهێـزەی سـێکیولاریزم لـە نـاو کۆمەڵگەشـدا ڕەنگدانەوەی پتــەوی خــۆی هەبێــت و وەک ناســنامەیەکی دیــار و درەوشـاوە ئـەو حزبـەی پـێ بناسـرێتەوە!

یەکێـک لـەو بنەمـا هـەرە گرنـگ و چەسـپیوانەی کـە هەمیشــە لــە دینامیکییەتــی پرۆســەی ســێکیولاریزەبووندا پێویســتمان پێــی دەبێــت، بریتییــە لــە پلورالیــزم.

## پلورالیزم چییە؟

پلورالیــزم (Pluralism) زیاتــر وەک فەلســەفەی سیاســی بــەکار هێنــراوە، بریتییــە لــە پەســەندکردنی یەکتــر و بەهێزکردنــی گیانــی لێبوردەیــی لــە نــاو کۆمەڵگەیەکــدا کــە خاوەنــی چەنــد بەهایەکــی جیــاوازی دژبەیەکــە. پلورالیــزم بــە واتــای ڕێزگرتــن و بەهەندوەرگرتنــی جیاوازییــە ئایینــی و فیکــری و کۆمەڵایەتــی و جێندەرییــەکان لــە نــاو کۆمەڵگــەدا دێــت، کــە ئەمــەش پێشــکەوتن و گەشەســەندنێکی سروشــتییە بــۆ بنیاتنانــی کۆمەڵگــەی بەهێــز و پێشــکەوتوو. پلورالیــزم بــە درێژایــی مێــژووی هاوچــەرخ یەکێــک بــووە لــە پایــە هــەرە گرنگەکانــی بونیادنانــی کۆمەڵگەیەکــی دیموکــرات، کــە تێیــدا مافەکانــی کۆمەڵگــە بــە زۆرینــە و کەمینــە پێوانــە نەکرێــت، بــە پیــرۆز و ناپیــرۆز تەماشــای نەکرێــت، بــە ڕەســەن و ناڕەســەن وەسف نەکرێــت، بەڵکــو لــە ســەروو هەمــوو ئەمانــەوە، مــرۆڤ بکرێتــە تــەوەر لــە هەمــوو بڕیــارە سیاســییەکاندا. پلورالیــزم خزمەتێکــی یەکجــار زۆر بــە بنەماکانــی تری سیاســەت و پرەنســیپە سیاســییەکان دەکات، کۆمەڵگــەی مرۆڤایەتــی لــە توندوتیــژی و شــەڕی ناوخــۆ دوور دەخاتــەوە و بــەرەو ڕەفاهییەت و ئاشــتەوایی و ســەقامگیریی

دەبـات. لـە نیـوان ٢٥ وڵاتـی هـەرە گـەورە و پێشـکەوتووی دنیـادا، بیسـت وڵاتیـان ئەوانـەن کـە پلورالیزمیـان وەک نەزمێکـی ژیـان پەیـڕەو کـردووە.

پلورالیـزم مۆدێلێکـی زینـدووی دیموکراسـییەتە، لـە کـن هەنـدێ کـەس پایـەی هـەرە سـەرەکیی دیموکراسـی و عەلمانییەتـە، چونکـە کۆمەڵگـەی پلورالیسـت، هـەر وا لـە خۆیـەوە نەگەیشـتووەتە ئـەو بـاوەڕە، بەڵکـو مێـژوو یاخـود پاشـخانێکی قووڵـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئەوانـەی خسـتووەتە سـەر ئـەو ڕێگەیـە. د. عـەزام ئەلتەمیمـی ئەکادیمیسـت و توێـژەر لـە هـزری ئیسـلامی، دەڵێـت "دەبێت جیـاوازی بکەیـن لـە نێـوان عەلمانییـەت وەک فکرێکـی ئایدیۆلـۆژی و دیموکراسـییەت وەک سیسـتەمی بەڕێوەبـردن. دیموکراسـییەت بـۆ خـۆی گرنگتریـن بەرهەمـی عەلمانییەتـە، بـەڵام عەلمانییـەت خـۆی نییـە).

دەوڵـەت لـەم کۆمەڵگەیـەدا زیاتـر لـە سـێکیولاریزم دەڕواتـە ئـەولا و خـۆی نـاکات بـە خاوەنـی نەتـەوە و ڕەگەزێکـی کۆمەڵگـە، بەڵکـو دەوڵـەت لـەم بـارەوە بێلایەنـە و تەنهـا بەرگـری لـە هاووڵاتیـان دەکات، نەک کۆمەڵـە و نەتەوە و ڕەگەزێکـی دیاریکـراو، هـەر بۆیـە مەحاڵـە لـە کۆمەڵگەیەکی پلۆرالیسـتدا ڕەگەزپەرسـتی و فاشـیزم و نازیـزم گەشـە بکـەن.

پرۆسـەی بڕیـاری سیاسـیدا بـە هەمـان جـۆر دەبێـت و

زۆرتریـن بنکـەی خەڵـک و کۆمەڵگـە لـە دروسـتکردنی بڕیاری سیاسـیدا بەشـدار دەبـن، ئەمـەش بـە جۆرێـک دەکرێـت کـە بڕیـاردان لــە خــوارەوە دەچێتــە ســەرەوە، نــەک بــە پێچەوانـەوە. ئێسـتا کاتـی ئـەوە هاتـووە زۆر بـە وردی لـەو سیاسـەتەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان ورد بینـەوە و بزانیـن ئەگـەر سیاسـەتێکی لـەو جـۆرە بکرێتـە بەرنامەیەکـی مەودادرێـژی حکومـەت، چـی ڕوو دەدات؟ پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە، ئەگــەر لێبوردەیــی و فرەیــی و ســێکیولاریزم لــە نێــو جومگەکانــی حکومــەت و حــزب و کۆمەڵگــەدا پتــەو نەکرێــن، ئــەوە هــەر گــرووپ و دەســتە و تاقمێــک خــۆی بـە زیاتـر و شـکۆدارتر و شایسـتەتر لەوانـی تـر دەزانێـت و کــەس نازانێــت ئــەو جــۆرە لــە بیرکردنــەوە و پیادەکردنــی دەســەڵات کۆمەڵگــەی کوردســتان بــەرەو کــوێ دەبــات، کــە لـە ڕاسـتیدا ئەمـڕۆ بەشـێک لـەو کردەوانـە لـە نێـو دەسـەڵات و هەژمونگەرابیەکانــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتاندا زۆر بـە باشـی هەسـتیان پـێ دەکرێـت. لێـرەدا هەقـی خۆمانـە بپرسـین: ئەگـەر یەکێتـی سێکیولاریسـت نەبێـت، لـە بـەردەم چ بەدیـل و ئەڵتەرناتیڤێکدایـە؟ لـە ڕاسـتیدا سـێکیولاریزم بــۆ یەکێتــی تاکــە بژاردەیــە و هیــچ ئەڵتەرناتیڤێــک و جێگرەوەیەکــی نییــە.

# ئاستەنگەکانی بەردەم یەکێتی بۆ پرۆسەی سێکیولاریزەکردن

هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە کـە هەمـوو ئـەو دەوڵەتانـەی عەلمانییەتیـان پەیـڕەو کـردووە، گەلانـی خۆیـان گواسـتووەتەوە بـۆ پێشـکەوتنێکی بەرچـاو لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیـان و ڕزگاریـان کـردووە لـە تاریکـی و خورافاتـی پیاوانـی ئایینـی و سیاسـی. لێـرەدا پرسـیارێک دێتـە گـۆڕێ: ئایـا چەسـپاندنی عەلمانییـەت لـە وڵاتـی ئێمـەدا ئاسـانە؟ نەخێـر ئاسـان نییـە، لەبـەر ئـەوەی هەرێمـی کوردسـتان بەگوێـرەی دەسـتوور سـەر بـە دەوڵەتی عێراقـە، عێراقیـش بەگوێـرەی هەمـان دەسـتوور دەوڵەتێکی عەلمانـی نییـە.

کەواتـە ئاسـتەنگەکانی بـەردەم یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە عەلمانییەتـدا دەکرێـت وەکـو دوو بەشـی سـەربەخۆ بـاس بکەیـن: یەکـەم تایبەتـە بـە عێـراق و دەسـتووری عێـراق، دووەمیـش تایبەتـە بـە هەرێمـی کوردسـتان. لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن بـە کورتـی باسـی ئـەو ئاسـتەنگانە بکەیـن:

**یەکەم/ عێراق**

وەکو لە پێشەوە باسمان کرد، دەوڵەتی عەلمانی واتای جیاکردنەوەی تەواوی ئایین لە دەوڵەت دەگەیەنێت، بە شێوەیەک کە دەوڵەت نە لەگەڵ ئایین بێت و نە دژی ئایین بێت. بەلاّم بە پێچەوانەوە، تەماشا دەکەین لە دەستووری عێراقدا، مادەی ٢، ئەم بڕگانە هاتوون:

یەکەم/ ئیسلام ئایینی ڕەسمیی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەکییشە بۆ یاسادانان.

أ- نابێت هیچ یاسایەک دابنرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ بنەما چەسپاوەکانی ئیسلام.

ب- نابێت یاسایەک دابنرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسییەت.

کەواتە بەگوێرەی دەستوور، عێراق ولاّتێکی عەلمانی نییە. هەرچەندە بەگوێرەی هەندێ لە شیکردنەوە دەستووری و یاساییەکان، دەستووری عێراق پڕیەتی لە مادەی دژبەیەک و ناتەبا، بەلاّم ئەو بەشەی سەرەوە لە مادەی دووەم هیچ تەفسیر و لێکدانەوەیەک هەڵناگرێت کە عێراق هەرچەندە دەوڵەتێکی تیۆکراسی نییە، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا دەوڵەتێکی عەلمانی نییە.

حزبێـک یاخـود ڕێکخراوێـک دەتوانێـت خـۆی سـێکیولار بێــت و داوای دروســتکردنی دەوڵەتێکــی ســێکیولاریش بـکات، بـەڵام ئایـا پانتایـی جووڵانـەوەی بـەم ئاڕاسـتەیەدا چەنــد دەبێــت؟ لــە ژینگەیەکــی وەک عێراقــدا کــە دەسـتوورەکەی بـە ڕەسـمی سـێکیولاریزم ڕەت دەکاتـەوە، تـا چەنـدە سـێکیولاریزم لـە لایـەن هاووڵاتیانـەوە پەسـەند دەکرێـت؟ بـەم جـۆرە، ئـەوەی تایبەتـە بـە دەوڵەتـی عێـراق، یەکێتیـی نیشـتمانی لـە ڕێگـەی فراکسـیۆنەکەی خۆیـەوە دەتوانێــت لێبڕاوانــە بەرگــری لــەو بڕگانــەی دەســتوور بـکات کـە دیموکراسـییەت و مافـی مـرۆڤ و پلورالیـزم و دواجاریـش سـێکیولاریزم لـە عێراقـدا بەهێـز دەکـەن، بـەڵام بەبـێ بوونـی پشـتیوانیی حـزب و ڕێکخـراوی هاوشـێوەی خـۆی، کەمتـر دەتوانێــت لــەو پانتاییــەدا سیاســەتەکانی خـۆی بـەدی بێنێـت، بـە تایبـەت کـە حزبـە گەورەکانـی عێـراق و ئەوانـەی لـە پەرلەمانـدا بەشـێکن لـە حکومـەت، زۆربـەی هـەرە زۆریـان حزبـی ئایینـی و مەزهەبیـن.

### دووەم/ هەرێمی کوردستان

هەرچەنــدە هەرێمــی کوردســتان هەتــا ئەمــڕۆ دەسـتوورێکی پەسـەندکراوی نییـە، بـەڵام هەمـوو ئـەو بڕگە

یاسـاییانەی کـە بـۆ بەڕێوەبردنـی هەرێمەکـە پشـتیان پـێ دەبەسـترێت، دەبێـت لـە چوارچێـوەی دەسـتووری عێراقـدا بـن. کەواتـە لـە هەرێمـی کوردسـتانیش پەسـەندکردنی سـێکیولاریزم لـە نـاو دەسـتوورێک کـە لـە ئاییـندەدا پەسـەند بکرێـت، کارێکـی زۆر ئاسـتەمە، ئـەوەش لەبـەر ئـەم هۆکارانـەی خـوارەوە:

١- هەرچەنـدە جگـە لـە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، پـارت و ڕێکخـراوی تریـش هـەن کـە لانـی کـەم مەزهەبـی و ئایینـی نیـن و بنەماکانـی فرەیـی و دیموکراسـییەتیان لـە پەیڕەوەکانـی خۆیانـدا جێگیـر کـردووە، بـەلام لـە هەمـان کاتـدا بـەرەی سـێکیولاریزم لـە هەرێمـی کوردسـتاندا زۆر لاوازە و نەبووەتـە واقعێکـی ئەوتـۆ بەهێـز کـە بتوانێـت لـە دەسـتووری داهاتـوودا گـرەو لەسـەر بنەماکانـی خـۆی بـکات.

٢- لـە هەرێمـی کوردسـتاندا حـزب و ڕەوتـە ئیسـلامییەکان زۆر بـە تونـدی لـە دژی سـێکیولاریزم وەسـتاونەتەوە. ئـەو حـزب و ڕەوتانـەش بـە سیاسـی و غەیـرە سیاسـییەکانیانەوە، بەشـی ئەوەنـدە جەمـاوەری خۆیـان هەیـە کـە بتوانـن هـەر جـۆرە پرۆژەیەکـی لـەو جـۆرە ڕابگـرن.

٣- بەدەر لە حزبە ئیسلامییەکانیش، ژینگەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمانی و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی ژینگەیەک نییە کە بتوانێت پەی ببات بەوەی کە سێکیولاریزم پێویستییەکی گرنگی ئەم هەرێمەیە و دەبێت داکۆکیی لێ بکرێت.

هەندێ جار هەڵوێستی کۆنەپەرستانەی خەڵکانی دەرەوەی ڕەوتە ئیسلامییەکان زۆر مەترسیدارترە لە هەڵوێستی ئاشکرای ڕەوتە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە، ناتوانرێت حزبە کۆمۆنیست و ناسیۆنالیست و چەپەکان بە حزبی سێکیولاریست پێناسە بکرێن، چونکە ئەوانەش لە بنەڕەتدا حزبی تۆتالیتارن و هەر جۆرە فرەیی یاخود لێبوردەیییەکی ئایدیۆلۆژی ڕەت دەکەنەوە. لە حاڵەتی حزبە کۆمۆنیستەکان و بەشێکی بەرچاو لە چەپەکان، کە لە بنەڕەتەوە ئایین ڕەت دەکەنەوە و بێلایەن نابن لە نێوان باوەڕداران و بێباوەڕان، دیسانەوە ناتوانرێت وەک حزبی عەلمانی تەماشا بکرێن، چونکە عەلمانییەت دواجار سیستەمە، نەک ئایدیۆلۆژیا، سیستەمێکی ڕووتەڵەش نییە، بەڵکو سیستەمێکی فکریی فراوانی (دیموکراسی،

پلورالیست)ــە کـە دژی هـەر جـۆرە تۆتالیتاریزمێکی فکری دەوەســتێتەوە. کەواتــە ئەگــەر ڕاشــکاوانە هەڵســەنگاندن بــۆ ڕۆڵــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان بکەیــن کــە چــۆن لــە ژینگەیەکــی ئــاوادا بۆچوونــی خــۆی بــە ئاشــکرا بەیــان دەکات و ســێکیولاریزم وەک نەزمــی حزبــی و سیاســی دەناســێنێت، ئــەوا دەتوانیــن بڵێیــن یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان لانــی کــەم بەرپرســانە لەگــەڵ ئــەم پرســەدا مامەڵــەی کــردووە و خویندنەوەیەکــی ڕاســتبینانەی هەبــووە بــۆ واقعــی کوردســتان.

## ئایا سێکیولاریزم دژ بە دینە؟

بـەر لـە وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکە، هەندێـک شـیکاری دەخەینــە ڕوو:

**یەکـەم**/ دەوڵەتـی عەلمانـی دوو بـواری جیـاواز لـە ژیـان لـە یەکتـر جیـا دەکاتـەوە، ئەوانیـش بـواری گشـتی و بـواری تایبەتـن. بـواری گشـتی هەمـوو دامەزراوەکانـی نـاو کۆمەڵگـە دەگرێتـەوە، وەك: خوێندنگـە، زانکـۆ، خەسـتەخانە، دەزگاکانی پۆلیـس و سـوپا... هەمـوو ئـەو شـوێنە خزمەتگوزارییانـەی کــە بــۆ خەڵــک تەرخــان کــراون، بەبــێ ئــەوەی ڕەچــاوی ڕەنــگ و ئاییــن و ڕەچەڵــەک و لایەنــی جێنــدەری بکرێــت، بــە هیــچ شــێوەیەک هیــچ مەرجەعێکــی ئایینــی یاخــود بێبــاوەڕی ڕەنگــی تێــدا ناداتــەوە و بوونــی نابێــت. بــواری تایبـەت هەمـوو تاکـەکان دەگرێتـەوە کـە بـە تـەواوی و بـە ئازادییـەوە خۆیـان و ئایینەکەیـان وەک پرسـێکی شەخسـی بەیـان دەکـەن، جـا ئایـا عەقیدەیـان دینـی بێـت یـان بێدینـی بێــت.

**دووەم/** دەوڵەتــی عەلمانــی لــە نێــوان هەمــوو بــاوەڕدارەکان بــە جیاوازیــی ئایینەکانیانــەوە و لــە نێــوان

بێدیــن و ئەوانەشــی کــە پەیــڕەوی دیانــەت ناکــەن، یەکســانیی تەواوەتــی پەیــڕەو دەکات و بــە هاوســەنگی لــە چوارچێــوەی یاســاکاندا ئــەرک و مافەکانیــان دیــاری دەکات. بەرگــری لــە ئازادیــی تەواوەتیــی هــەردوو لا دەکات و ڕێــزی هــەردوو لایــان دەگرێــت، بــەم جــۆرە، ئاییــن لــە کۆمەڵگــەی عەلمانیــدا دەبێتــە حاڵەتێکــی ڕۆحیــی تەواوەتــی، بــە جۆرێــک، کە سیاســییەکان ناتوانــن بیگلێنن لــە سیاســەت و لەپێنــاو بەرژەوەندیــی ئــەم دنیــای خۆیــان بــەکاری بێنــن.

سـێکیولاریزم دژ بـە ئاییـن و مەزهـەب نییـە، چونکـە لـە بنەڕەتـدا کاری بەسـەر ئایینـەوە نییـە، بەڵکـو تەنهـا دەیەوێـت کاروبـاری دەوڵـەت لـە کاروبـاری ئاییـن جیـا بکاتـەوە. لێـرەدا گرنگـە دوو خـاڵ بـە هەنـد وەربگریـن:

**یەکــەم/** نائایینیکردنــی دەوڵــەت: ئەمــە وا دەکات تیۆکراســی (حکومڕانیــی ئایینــی) نەمێنێــت، پاراســتنی خەســڵەتی نائایینیــی دەوڵــەت ڕێگــرە لــە بــەردەم بەکارهێنانــی کەســایەتی و دامــەزراوەی ئایینــی لــە جومگەکانــی دەوڵــەت و دەســەڵاتی سیاســیدا. پێچەوانەکەشــی ڕاســتە.

**دووەم/** دابینکردنــی ئــازادی بــۆ هەمــوو ئایینــەکان: خۆســەپاندن و کەمینــە و زۆرینــە بــە یاســا ڕێگریــی لــێ

کـراوە. نەتەوایەتـی و ڕەگەزپەرسـتی لـە ژینگەیەکـدا کـە (پلۆرالیـزم) تێیـدا کولتـووره، جێگـەی نابێتـەوە.

سـێکیولاریزم جیاکردنـەوەی ئاییـن لـە سیاسـەت نییـە، بەڵکـو تەنهـا جیاکردنـەوەی ئایینـە لـە دەوڵـەت. گواسـتنەوەی ئایینـە لـە ناوەنـدی گشـتی (دەوڵـەت و دامـەزراوە دەوڵەتییـەکان) بـۆ ناوەنـدی تایبەتـی (کۆمەڵگـەی مەدەنـی). کۆمەڵگـەی مەدەنـی زۆر ئازادانـە کاری سیاسـییش دەکات و دەسـت لـە سیاسـەت وەردەدات، بـەڵام دیسـان لـە نـاو ژینگـەی کۆمەڵایەتیـی خۆیـدا دەبێـت و بـۆی نییـە توخنـی دەوڵـەت و دامـەزراوە گشـتییەکان بکەوێـت.

د. ڕیـاض الصیـداوي، بەڕێوەبـەری سـەنتەری عەرەبـی بـۆ توێژینـەوەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لـە جنێـڤ، دەڵێـت: خەڵکانـی بـاوەڕدار و پیاوانـی ئایینـی دەبێـت یەکـەم کـەس بـن داوای چەسپاندنی عەلمانییـەت بکەن، چونکـە ئـەوان زۆر بـەوە سـوودمەند دەبـن و لەژێـر دەسـتی سیاسـییەکان ڕزگاریـان دەبێـت. هەروەهـا زیاتـر دەڵێـت: "بـە درێژایـی مێـژووی ئیسـلام و هـەر لـە سـەردەمی ئەمەوییەکانـەوە، هەرگیـز ئاییـن بەسـەر سیاسـەتدا زاڵ نەبـووە، هەتـا ئەمـڕۆش، ئـەوە سیاسـەتمەدارانن لـە دنیـای عەرەبـی و ئیسـلامیدا کـە دیـن و کەسـانی دینـی بـە ئـارەزووی خۆیـان هەڵدەسـووڕێنن."

# بۆچی ئیسلامی سیاسی لە سێکیولاریزم دەترسێت؟

لــە ڕاســتیدا ئیســلامی سیاســی زۆر بــە تونــدی لــە دژی ســێکیولاریزم دەوەســتێتەوە، هــۆکاری هــەرە سـەرەکیی ئەمـەش ئەوەیـە کـە سـێکیولاریزم کۆتایـی بـە ڕۆڵــی جادووگەرانــەی ئــەوان دەهێنێــت و مرۆڤایەتــی و خـودی ئایینـی ئیسـلام دەباتـە قۆناغێکـی زۆر ڕۆشـنگەر و پێشـکەوتوو. هـەر لەبـەر ئەمەشـە هەمـوو ئیسـلامییەکان سـێکیولاریزم وەکـو بێڕەوشـتی و کۆمەڵگـەی ئیباحـی و بڵاوکردنــەوەی بێدینــی نــاو دەبــەن، لــە کاتێکــدا ئەمانــە هیچیـان بـە کـەم و زۆر لە نـاو چوارچێوەی سـێکیولاریزمدا باسـیان نەهاتــووە.

عەلمانییــەکان لــە ئیســلامییەکان زیاتــر لــە خــودا و ئیمانداریيــەوە نزیکــن. چونکــە ئەوانــە ڕێــزی مــرۆڤ دەگـرن و مافەکانـی دەپارێـزن و دژی هـەژاری دەجەنگـن. ڕێگەیــەک پیشــانی خەڵــک دەدەن کــە ڕێگــەی زانســت و مەعریفـە و دروسـتکردنە. بـەدوای جەنـگ و سـەربڕین و خۆتەقاندنــەوەدا نــاڕۆن، بــەدوای مەزهەبگەرایــی

و تایفەگەراییـدا نـاڕۆن، ترسـی ئیسـلامییەکان لـە عەلمانییـەت هـەر لـەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە، چونکـە بە چەسـپاندنی عەلمانییـەت و بەهێزبوونـی پایەکانـی، ئیتـر ئـەوان ڕۆڵیـان تـەواو دەبێـت و بۆگـەن دەکـەن. ئامانجـی هـەرە سـەرەکیی عەلمانییـەت جیاکردنـەوەی دیـن و دەوڵەتـە لـە یەکتـر، بـە جیاکردنـەوەی ئـەو دوانـەش، ئیتر کـەس ناتوانێـت گەنجـان و لاوانـی وڵات ڕەوانـەی دۆزەخ بـکات و بـە نـاوی موقـەدەس و ئەودنیـا و حۆرییەکانـەوە کوشـتوبڕی کۆمەڵگەیـان پـێ بکـەن و خۆشـیان لەمـلاوە بـە ئـارەزووی خۆیـان چێـژ لـە خۆشـییەکانی ئـەم دنیـا وەربگـرن، بـە فڕۆکـەی تایبـەت سـەفەر بکـەن، لـە کۆشـک و تـەلاری ئاڵتوونیـدا بژیـن، دواییـن مۆدێلـی ئۆتۆمبیلـی گرانبەهـا و پانسـەرکراو (زرێپـۆش) بـۆ خۆیـان بکـڕن و ملیۆنـان دۆلاریـش ڕەوانـەی دەرەوەی وڵات بکـەن بـۆ منـداڵ و وەچەکانیـان.

عەلمانییـەت ئـەو چارەسـەرەیە کـە مرۆڤایەتـی بـە دەسـتی گەیشـتووە بـۆ کۆتاییهێنـان بـە کوشـتن و بڕیـن و ململانێـی مەزهەبـی و ئایینـی و ڕەگەزپەرسـتی بـە نـاوی ئایینـەوە. سـێکیولاریزم دەرمانـی ئـەو تایفەگەرییەیـە کـە مـاوەی ١٥ سـاڵ لوبنانـی خسـتە نێـو جەنگـەوە، سـودانی لەتوپـەت کـرد و عێراقـی خسـتە نێـو گێـژاوی جەنگـی

خوێناوییــەوە.

ئەوانــەی دەیانەوێــت دژی عەلمانییــەت بــن، زۆر بــە ســادەیی دەیانەوێــت مافــی خەڵکــی تــر پێشــێل بکــەن، دەســەڵات تەنهــا بــۆ خۆیــان بێــت و هەمــوو ئەوانــەی کــە لــە ســایەی عەلمانییەتــدا کەرامەتیــان پارێــزراوە، ســەرکوت بکــەن و لــە شــوێنی عەلمانییــەت دکتاتۆرییەتــی زۆرینــە پەیــڕەو بکــەن و بــە نــاوی دیانەتــەوە ئازادیــی بیروبــاوەڕ و مافــی مــرۆڤ پێشــێل بکــەن. بــۆ نموونــە، هەمــوو ئــەو موســڵمانانەی کــە لــە وڵاتانــی ڕۆژئــاوا دەژیــن و مافیــان پارێــزاوە، لــە ســایەی عەلمانییەتــدا ئــەو ژیانــە دەکــەن، ئەگــەر عەلمانییــەت نەمێنێــت، هیــچ کــەس لەوانــە ناتوانێــت لــە ژیانێکــی ئاســایی و ئارامــدا بــژی. کۆمەڵناســی عێراقــی، د. عەلــی وەردی (١٩١٣–١٩٩٥)، دەڵێــت "ئەگــەر عــەرەب سەرپشــک بکرێــن لــە نێــوان دەوڵەتێکــی دینــی و دەوڵەتێکــی سێکیولاریســتی، ئــەوە دەنــگ دەدەن بــە دەوڵەتــی دینــی و دەڕۆن لــە ســایەی دەوڵەتــی عەلمانیــدا دەژیــن." ڕەنگــە ئــەم لێدوانــە بــە جوانــی پاشــخانە کۆمەڵایەتــی و کولتوورییەکــەی ئــەو وڵاتانــە بخاتــە بەرچــاو، کــە بــۆ خۆشــی ئاســتەنگی هــەرە ســەرەکییە لــە بــەردەم پێشــکەوتنیاندا.

## عەلمانییەت
## شکۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئایینەکان:

هیــچ سیســتەمێکی دانــراوی دنیــا هێنــدەی عەلمانییــەت رێــزو شــکۆی ئاییــنەکان ناپارێزێــت. لــە هەمــوو ئــەو ولاّتانــەی خۆرئــاوا کــە سیســتەمی عەلمانــی تیایــدا پەیــڕەو کــراوە، نــەک دژایەتــی کەنیســەو ئاییــن نەکــراوە، بەڵکــو ئاییــن و کەنیســە بوونەتــە مەشــخەڵێک بــۆ روناککردنــەوەی کەلتــور و رۆشــنبیری کۆمەڵگــە.

لــە هەمــوو ئــەو ولاّتــە ئەوروپیانــەدا کــە زۆرینــەی دانیشــتوانەکەی مەســیحین، لەبــەر ئــەوەی سیســتەمی پەیڕەوکــراوی دەســەلاّت سیســتەمێکی عەلمانییــە، مافــی هەمــوو ئاییــن و کەمینــە ئایینییــەکان پارێــزراوە. لەهەمان ئــەو چوارچێوەیــەدا ئەگــەر تەماشــا بکەیــن، لــە ژێــر ســایەی سیســتەمی عەلمانییەتدایــە کــە مافــی کەمینــە موســڵمانەکان لــەو ولاتانــەدا بــە تــەواوی پارێــزراون و شــوێنکەوتووانی ئاییــنی ئیســلام دەتوانــن بەوپــەڕی ئــازادی نەریتــە ئایینەکانــی خۆیــان ئەنجــام بــدەن، لــەوەش زیاتــر دەتوانــن بەهــۆی بڕگــە یاســاییەکانەوە پەرســتگای پیــرۆزی خۆیــان دروســت بکــەن و رێکخــراوی

ئایینیــش دامەزرێنــن، دەوڵەتیــش لــە چوارچێــوەی یاســاکاندا وێــرای ئــەوەی کــە ئاســانکارییان بــۆ دەکات، بودجــەی تەرخانکراویــش بــۆ ئــەو کارانــە دیــاری دەکات.

ئێســتا ئەگــەر بەخەیــاڵ بیــر بکەینــەوە و کۆمەڵێــک موســڵمانی ئیمــادار بیــن و رێمــان بکەوێتــە دەوڵەتێکــی مەســیحی کــە عەلمانــی نەبێــت و بەهیــچ جۆرێــک رێــگا نــەدات هیــچ ئایینێــک جگــە لــە ئایینــە پەیڕەوکراوەکــەی دەوڵــەت مافــی ئەنجامدانــی ســروتە ئایینەکانــی هەبێــت و قەدەغــەی هەرجــۆرە پەیڕەوکردنێکــی ئــەو دیانەتانــەی بکردایــە، چیمــان بــۆ دەکــرا؟ بیرمــان لــە چــی دەکــردەوە؟ مــن لــەو بــاوەڕەدام یەکــەم شــت کــە بیرمــان لێدەکــردەوە لــە چوارچێــوەی یاســادا ئەنجامــی بدەیــن ئەوەیــە کــە داوای چەســپاندنی سیســتەمی سێکولار بکەیــن بــۆ ئــەو وڵاتــە، یــان هــەر هیــچ نەبێــت خۆزگەمــان دەخواســت کــە ئــەو وڵاتــەش وەک وڵاتانــی تــری ئەوروپــا و دنیــا عەلمانــی بوایــەو ئێمــەش بمانتوانیبــا لــە ژێــر سایەی ئــەو یاســایانەدا پەیــڕەوی ئایینــی خۆمــان بکەیــن.

لــە خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت بەگشــتی و دنیــای عەرەبــی بەتایبەتــی، مــاوەی یــەک ســەدە زیاتــرە ئیســلامیەکان نەفرەتــی عەلمانییــەت دەکــەن، هەرچــی تۆمــەت و تــاوان هەیــە بــۆ عەلمانییەتیــان هەڵبەســتووە. لــەم

بـارەوە ئـەوان توانیویانـە خـۆڵ بکەنـە چـاوی خەڵـک و چەواشـەیان بکـەن، بـۆ نمونـە هاتـوون دەوڵەتانـی بلۆکـی سۆشیالیسـت و سـتالین و یەکێتیـی سـۆڤیەتیان بـە عەلمانـی ناوبـردووە، لـە کاتێکـدا ئەوانـە دەوڵەتـی بـێ دیـن بـوون و ئاییـن تیایانـدا قەدەغەکـراو بـووە. یاخـود دەهاتـن دەوڵەتـە دیکتاتۆرەکانـی عەرەبیـان بـە عەلمانـی نـاو دەبـرد.

بیرکردنــەوە لــە سیســتەمی عەلمانــی پێچەوانــەی ئاییـن و بەرژەوەنـدی ئایینـی نیـە، بەڵکـو دەتوانیـن بەبـێ دوودڵـی بێژیـن کـە سیسـتەمی عەلمانـی ڕێـزو شـکۆ بـۆ ئایینـەکان دەگەڕێنێتـەوە و خزمـەت بە خەڵکانـی ئیماندار دەکات. ئەمـەش ڕێـک ئـەو خاڵەیـە کە ئیسـلامی سیاسـی لـە دژی دەوەسـتنەوەو هـۆکاری ئەوەشـە کـە ئیسـلامی سیاسـی بانگەشـەی خـراپ و کافربـوون و هەڵگەڕانـەوە بـۆ سیسـتەم و کەسانی عەلمانـی دەکـەن، چونکە لە ڕاسـتیدا سیسـتەمی عەلمانـی تەنهـا خزمـەت بـە ئیمانـداران و ئاییــن دەکات، لــە دژی بەرژەوەنــدی ئەوانەیــە کــە دیانـەت و ئیمانـداری دەکەنـە سیاسـەت و ئامرازێـک بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات، هـەر لـەم سـۆنگەیەوە خواسـت و ئــارەزووی هەژموونگەرایــی ئیســلامی سیاســییە وادەکات عەلمانییـەت ڕەتبکاتـەوەو لـە بـەردەم خەڵکانـی

باوەڕداردا وەکو مەترسی و هەڵگرانەوە لە ئایین باسی بکەن. لە راستیدا شیوەنی ئیسلامی سیاسی لە دژی عەلمانییەت تەنها لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە، کە عەلمانییەت شکۆ بۆ خەڵکانی ئیماندار دەگەڕێنێتەوە، ئیسلام جیا دەکاتەوە لە ئیسلامی سیاسی، بە واتایەکی تر خزمەت بە ئیسلام دەکات و ڕێزی دەگرێت لەبەر ئەوەی ئایین و باوەڕە بۆ بەشێک لە هاولاتیان، لە هەمان کاتدا ڕێگا لە ئیسلامی سیاسی دەگرێت بازرگانی بە هاولاتیانی موسڵمان و ئیماندارەوە بکات، چونکە حزبە ئیسلامییەکان، دیانەت و ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە دینەوە دەگۆڕن بۆ ئایدۆلۆژیا، بەرگی خێرو بەرەکەت و ڕەحمەتی لێدەکەنەوەو لە شوێنی ئەوە بەرگی سیاسی لەبەر دەکەن.

رابووردووی هەموو ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی رابووردوویەکی تەڵخ و پڕ ستەم و تیرۆر بووە، تیرۆری ئەقڵ و تیرۆری جەستە، کە دەرەنجامەکەشی تروکاندنی ڕێکخراوەکانی وەک قاعیدە و داعش بووە، ئاکامەکەشی کوژرانی سەدان هەزار مرۆڤی موسڵمانی بێتاوان بووە.

عەلمانییەت سیستەمێک نیە لە دژی دیانەت بێت، بەڵکو ئەگەر بە وردی تەماشای دەقەکانی قورئانی پیرۆز بکەین بۆمان ئاشکرا دەبێت کە عەلمانییەت

تــەواو گونجــاوە لەگــەڵ بیروبــاوەڕی ئیســلامدا و ئــەوەی هەوڵــی نەگونجاندنــی دەدات و هــەوڵ دەدات وێنەیەکــی ناشــرینی لەســەر دروســت بــکات ئــەوە تەنهــا بیرمەنــد و موفەســرەکانی ئیســلامی سیاســین، چونکــە لە سیســتەمی عەلمانیــدا ئەوانــە ئیتــر لــە پەلوپــۆ دەکــەون و هیــچ بایــەخ و دەســەڵاتیان نامێنێــت. لــە قورئانــی پیــرۆزدا چەندیــن ئایــەت هــەن کــە جەخــت لەســەر ئــەوە دەکەنــەوە، لێــرەدا هەندێــک لەوانــە بــە نمونــەی دێنینــەوە. ســورەتی بەقــەرە ئایەتــی ٢٥٦ دەڵێــت (لا إِكْـرَاهَ فِـي الدِّيـنِ قَـدْ تَبَيَّـنَ الرُّشْـدُ مِـنَ الْغَـيِّ) واتــە (بەهیــچ جۆرێــک زۆرلێکــردن لــە دینــدا نیــە – بــۆ هاتنــە نــاو ئیســلام- چونکــە بەڕاســتی ڕێنموونی و شــارەزایی لــە گومڕایــی و سەرلێشــێواویی جیابۆتــەوە). لــە ســورەتی کەهــف، ئایەتــی ٢٩دا هاتــووە: (فَمَـن شَـاء فَلْيُؤْمِـن وَمَـن شَـاء فَلْيَكْفُـر) هەرکەســێ دەیەوێــت بــا بــاوەڕ بێنێــت، هــەر کەســیش دەیەوێــت بــا کافــر بێــت. لەســورەتی ق ئایەتــی ٤٥دا هاتــووە :(وَمَـا أَنـتَ عَلَيْهِـم بِجَبَّـارٍ) واتــە تــۆ دەســەڵاتت بەســەریاندا نیــە. هەروەهــا ســورەتی الغاشــیة ئایەتــی ٢١-٢٢ کــە دەڵێــت (فَذَكِّـرْ إِنَّمَـا أَنْـتَ مُذَكِّـرٌ لَسْـتَ عَلَيْهِـمْ بِمُسَـيْطِرٍ)، کــە وابــوو ئامــۆژگاری بکــە تــۆ تەنهــا ئامۆژگارکارێکیــت، تــۆ دەســەڵاتدار نیــت

بەسەریاندا*. کەواتە لەم بەشەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە عەلمانیەت سەبارەت بە گەڕانەوەی ڕێزو بەهاو شکۆ بۆ ئایینەکان و بۆ کەسانی ئیماندار لە سێ خاڵی جەوهەریدا خۆی دەنوێنێت:

یەکەم- بەدیهێنانی دادپەروەری لەنێوان هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە بە جیاوازی ئایین و بیروباوەڕەکانیانەوە.

دووەم- ڕێزگرتنی مافی کەمینە ئایینییەکان لە پەیڕەوکردنی دیانەتی خۆیاندا. واتە پەراوێز نەخرێن لەبەر ئەوەی کەمینەن.

سێیەم- ئازادی بیروباوەڕی ئیمانداری.

ئەگەر بە ئەقڵ و لۆژیکەوە تەماشای ئەو سێ سیفەتەی سیستەمی عەلمانی بکەین، کە چ پێگەیەکی مرۆڤ دۆستی و باوەڕداری دەبەخشێت بە دیانەتەکان و مرۆڤەکان دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەرگیز عەلمانییەت لە دژی ئایین نەبووە بەڵکو لە بەرژەوەندی ئایین و مرۆڤی ئیمانداردا بووە.

*قورئانی پیرۆز، ئامادەکردنی ئامۆژگاری ئیسلام، داڕێژەرو دیزاینی ڕەزا دۆسکی.